خولی ئیتالیا... یەقانتەس و بەلەنیا بە سەر گۆڵ یەکسان بوون



لە یاریەکانی هەفتەی 37ی خولی ئیتالیا، بەلەنیا لە یاریگای خێدا میواندار یەقانتەسی کرد.

لە گەمی یەکەم بەلەنیا بە تەواوی کۆنترۆڵی یاریەکەیان کرد بە جۆرێک هەر لێگۆڵ دەستپێک و لە خولەکی دوو لەسەی یاریزان کالافیری گۆڵی یەکەمیان تۆمارکرد، پاش ئەوەش لە خولەکی 11 کاسترۆ دووەم گۆڵی یانەکەی تۆمارکرد و پاش ئەوەش لە هەوڵەکانیان بۆردەوام بوون بۆ ئەم گۆڵی تری لێنەکەوتەوە.

لە گەمی دووەم بەلەنیا دووبارە بە بەهێزی دەستپێکردەوە و لە خولەکی 53 کالافیری دووەم گۆڵی خۆی و سێیەمی یانەکەی تۆمارکرد، پاش ئەوەش یەقانتەس گۆڵانەوە کەشی یاریەکە پاش چەندین هەرش لە خولەکی 76 چیزا گۆڵی یەکەمی بۆ تۆمارکردن، لە خولەکی 83 میلیک بە دووەمجار تۆپی بەلەنیای هێزاند و لە خولەکی 84یش یلدیز ئەنجامەکەی یەکسان کردەوە یاریەکە بە سەر گۆڵ بە هەردوولا کۆتایی پێهات.

بەم ئەنجامە بەلەنیا خاڵکانی بوون بە 68 خاڵ و لە پلەی سێیەم دێت، یەقانتەسیش بە هەمان ژمارەی خاڵ پلەی چوارەمی گرتووە.